کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 5-12-2007 1:35

# دوای کۆنفرانسی پەروەردە، چ باسە لە خوێندنگاکانی ئێمە...!؟؟ کەوگەز چۆمانی

لە وولاتان بەهۆی فراون بوونی بیری مرۆڤ و هاتنە کاییەی زانیاری نوی رۆژ لەدوای رۆژ کۆمەلگاکان



بەرەو پێشەودەچن، دیارە ئەو پێشکەوتنەی کە ئێمە مەبەستمانە پێشکەوتنی زانست وتەکنەلۆجیایە، ئەوەتا رۆژنیە لە کاناڵە ئاسمانیەکانی بینراو بستراو بەچاوی خۆمان نەبینین یاخود گوێبیستی داهێنانێکی نوێ نەبین، !! دەش زانین کە بازاری ململانی لەسەر داهێنانی نوی چەندە گەرمە!! هەمووئەمانەش بەهۆی گەشە کردن و پێشەکوتنی ئەو وولاتانەنیە لەو بوارانە کەباسمان کرد!! ئەو داهێنانەی کەئەو وولاتانە بۆمان رەوانە دەکەن نەك سوودی لێنابینین بەلکو بەدەستی خۆمان زیانی زۆر ترسناك بۆخۆمان و کۆمەلگا درووست دەکەین و جێدە هێلین!! ئەویش بەهۆی سستی و خراپی سیستەمی پەروەردە لە وولاتەکەمان!! دیارە کەباسی باسی سیستەمی پەروەردە دەکەین مەبەستمان پە روەردەی کۆمەلگاو پەروەردەی خوێندنە!! ئێمە لەدوای راپەرین کە تا ئێستا کە 16 ساڵە، ئیدارەی خۆ بەرێو بەردنمان هەبووە بەرلەو وادەش سەدان رۆڵەی وولاتەکەمان بوونە قوربانی لەپێناو درووست بوونی کیانێك کە ئەویش ئەوحکومەتی هەرێمەی ئێستایە کە بەخوێن و کۆڵنەدانی رۆڵە کانی گەلەکەمان هاتۆتەبەرهەم0 ئەو ئەزمونە کە بە دارمان و کاولبوونی سەدان گوند و ناوچەی کوردستان هاتۆتەکایەوە، !! ئێستا کە دوای چەندەهان ساڵ خەبات و 16 ساڵ حکومەت، سیستەمی پەروەردە لە وولاتەکەمان هەرلە قۆناغی ئیفلیج بوونە!! هەموو پێشکەوتنی وولاتان بەندە بەپیشکەوتنی بەخوێندن!! نمونەش بۆئەمە وولاتی یابان، یابان دوای سالی 1920 کاتێك حکومەتەکەی لە 43% بودجەی بۆ سیستەمی پەروەردە تەرخانکرد بووبەیەکێك لە جەمسە رەکانی ئابوری جیهان!! کەبەرلەو وادەیە وولاتێکی هەژاربوو!! ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە هەموو بوارەکانی ژیان بەندە بە پەروەردە، وەك: ئابووری، رۆشنبیری، فەرهەنگی و هیتر 0000!! دیارە لەماوە رابردوودا بریاری گۆرینی سیستەمی پەروەردەد را لەهەریمەکەمان، ئەویش دوای بەستنی ئەوکۆنفرانسەی کەلەچەندمانگی رابردوو بە بەشداری چەندین پسپۆرو شارەزا لە هەولێر بەرێوەچوو!! بۆجێبەجێکردنیشی چەند هەنگاوێکی سەرەتای نراوە وەك گۆرینی کتێب!! بەڵام ئەمانە شتی سەرتاین و گرینگتر لە مانە ماوەن، کە ئەوانیش ململانێی حیزبی و لادانی کەسانی نەشیاو لە دامەزراوە پەروەردەییەکان، کە پریەتی لە خەلکی ئیفلیج بوو نەزان لە بواری پەروەردە؟؟ ئێستا بەشێك لەبەرێوبەرکانی قوتابخانەو خوێندنگاکان وموشریف تەربەوی و بەرێوبەری پەروەردییەکان ئەوەندەی سەرقاڵی کاری حیزبایەتی و رشوە وەرگرتنن ئەوەندە خەریکی باش بەریوبردنی کارەکەی خۆیان نین، چونە ئەمانە زۆربە یان نانیان لەسەر حیزبەو حیزبیش دای ناوەن!! هەمووشمان دەزانین گەر حیزب کەسێك لەشوێنکی ئەواگرینگی دابنی، تاسەر ئیسقان حیزبەکە لێی دلنیانەبێت ئەوکەسە دانامەزرێنێت!! ئەمانەش هەمووی هۆکارێکن بۆریگرتن لە پێش کەوتنی سیستەمی پەروەردە!!رۆژنە شتی سەیر سەیر دەبینین و دەبیستین لە خوێندنگاکان کە مرۆڤ واق دەمێنی، !! ئەوانیش جگەرەکێشان لە بەشێك خوێندنگاکانی کوران و کچان و گرتنی وێنەی سێکسی لە خوێندکارە کچ و کورەکان کە دواجار چەندین کیشەی مەترسی داروو قولی لێدەکەوێتەوە کە گاریگەری خراپ دەنوێنی لەسەر کەرامەتی ئەو خوێندنگایانە و خودی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 5-12-2007 1:35

کەسەکە؟؟ یەکێك لەو کارە سەیرانەش کە دەمەوێت بیخەمەروو ئەوەیەکە لەچەند رۆژی رابردوو لە یەکێك لە خوێندنگا دواناوەندییەکانی کچان لە شاری هە ولێر، کە نامەوێت ناوی دواناوەندییەکەبێنم، بەهۆی لەکادارنەبوونی شەرفی ئەو خوێندنگاییە وەك ئەرکێکی ئە خلاقی رۆژنامەوانی 0 دەست بەسەرداگیرتنی چەندین حەبی (سۆمەدرین و ئارتین و بێهۆشکەری) لە لایەن ماموستایەکی ئە وخوێندگایە، ئەو حەبانە لە خوێندکارێکی کچی ئەوخوێندنگایە گیرا، کە ئەو خوێندکارە چەندین کچی هاوپۆلی خۆیی وخوێندنگاکەی فێری بەکارهێنانی کردبوون!! ئەوە سەرەرای ئەوەی کە بۆچەندین جار هەرلەو خوێندنگاییە دەست بەسەرچەندین مۆبایل داگیراوە کە چەندەهان دیمەنی ناوخۆیی وبیانی سێکسی لەسەر مۆبایلە کان بووە!! لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە باسدەکری کە هیچ ماموستایەکی پیاو ناتوانی مانگێك لەو خوێندگایە دەست بەکاربێت، بەهۆی پشك و پەلاری بەشێك لە خوێندکاران و داواکردنی پە یوەندی سۆزداری لە ماموستا پیاوەکان! دەشلێن بەرێوبەرەکە ژنێکی زۆر جوانەو بەهۆی جوانیەکەی کراوە بەبەرێوبەری ئەوخوێندگایە و عاشقیکی زۆر سەختە وهەمیشە سەرقالی تەلەفۆنەو ئەگەر بلانسیشی نەما ئەوا مۆبایل لە خوێندکارەکان وەردەگرێت بۆتەواوکردنی پەیوەندییەتەلەفۆنیەکەی!! من دەپرسم کی بەرپرسە لەو وەزعە!؟ دەپرسم خوێندنگاییەك ئەو هەموو فەوزاییەی تێدابێت چارەنووس و دوارۆژی خوێندکاران و خوێندنگاکەی چیدەبێت!!ئێمە بەوجۆرە دەمانەوێت گۆران بکەین!!؟ من هیچ گلەیی لەوەزیری پەروەردە ناکەم، چونکە ئە مەکاری ئەو نییە چاودێرە ئەمە بکات؟؟ بەلکو ئەمە کاری موشریف تەربەوی و بەرێوبەری پەروەردە یە، چونکە ئەگەر وەزیرچاودیری ئەم مەسەلانە بکات و لیکۆلینەوەبکات ئەوا بەرێوبەری پەروەردە هەرزوو ئەکات بەهەراو مەسەلەکەئەگۆرێت بۆچیرۆکێکی حیزبی!!چونکە وەزیر لەحیزبێکە و بەرێوبەرپەروەردەکەش لەحیزبێکی تر؟؟ بۆبنبرکردن و نەهێشتنی ئەو دیاریدە مەترسیدارانە پێویستە حکومەت چاودیری توندی خوێندنگاکان بکات و کاری حیزبی لەنێوخوێندنگاکان قەدەغەبکرێت و خەلکانی بەتوانا بۆبەرێوبردنی پەروەردەییەکان و بەرێوبەری خوێندنگاکان هەلبژێرێت، کە بەرووحێکی پاك و نیشتیمانی کاربکات و دەسەلاتی وەزیرەکان فراوان بکرێت، بەشێوەیەك کەتوانای لادنی بەرێوبەرە پەروەردەییەکان و بەرێوبەری خوێندنگاکانی هەبێت، لەکاتی هەرکارێکی نەشیاویان و کەمتەرخەمیان لەکارەکەیان! نەوەکو وەزیر لەگەل هەبوونی هەرحەلەتێکی لەوجۆرە چاوەروانی رەحمەتی حیزب بکات بۆلادانیان!! باچیتریش جوانی مەرجی دانانی بەرێوبەرە ی خوێندنگاکان نەبێت!!ئەگینا هەزاران کتێبی پرلەزانیاری، بەبی پەروەردەیەکی تەواو ناتوانی ژیانمان بگۆری بۆجەمسەرێکی ئابووری جیهانی؟؟!!!

Kawgaz_chomane@yahoo.com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.